# مەکتەبی سیاسی یەکێتی: هێرش بەسەر هەولێر نارەوایە

مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئیدانەی هێرشە موشەکییەکەی سەر هەولێر دەکات و ئەو جۆرە هێرشانە بە ناڕەوای ناودەبات و رایدەگەیەنێت: "هەر کەشێکی سیاسی- ئەمنی هەستیار لە نێوان وڵاتە دراوسێکاندا بەم شێوەیە تاکلایەنە و لە دەرەوەی تێگەیشتنی سیاسیی و ئەمنی هاوبەش، چارەسەر نابن و تەنها ئاڕەزی و ژینگەی پێیوەندیە ئیقلیمییەکان تەکدەدەن".

دەقی راگەیەندراوەکە.....

هێرش بە سەر هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان ناڕەوایەو سەرکەنەی بە ئامانجگرتنی خاڵکی سیڤیل دەکەین. پێلاماردانی شوێنی ئاوەدانی هەڕەشەی جیدین بە سەر سەروەری عێراق و ژیانی هاوڵاتیانی

هەرەمی کوردستان کە هەرەمێکی دانپیانراوە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عیراقدا.

ئەمە وەکو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پەمان وایە هەر کێشەیەکی سیاسی-ئەمنی هەستیار لە نێوان وڵاتە دراوسێکاندا بەم شێوەیە تاکلایەنە و لە دەرەوەی تێگەیشتنی سیاسیی و ئەمنی هاوبەش، چارەسەر نابن و تەنها ئاڵوزی و ژینگەی پەیوەندییە ئیقلیمییەکان تێکدەدەن کە سەرەنجام گەلانی عیراق نرخەکەی دەدەن.

لەرەوە سەرەخۆشی خەمان ئاراستەی کەسوکاری شەهیدان بەتایبەتی خانەوادەی شەهید پەشێو دزەیی دەکەین وهیوای زوو چاکبوونەوە بە بریندارەکان دەخوازین.

ئەرکی سەرشانی حکومەتی فیدرالییە کە پێکهاتەیەکی ئیئتلافییە و پشتیوانی هەموو هێزە سیاسییەکانی هەیە، هەوڵەکانی چەتر بکاتەوە بە داکێکی لەسەر سەروەری وڵات و ئاسایشی هاوڵاتیان و بەکردەوە یەکێتیی ریزەکانی گەلی عیراق دووپات بکاتەوە و هەیبەتی نەودەوڵەتی وڵاتەکە بپارێزێت.

پەویستە دامەزراوە رەسمییەکان هەرەم و پارتە سیاسیەکانیش بەهەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی عیراق رۆڵی زیاتر بگێڕن لە چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسەردراوەکان و پاراستنی هاووڵاتیان و بەرژەوەندی هەرەمی کوردستان.

رەحمی شەهیدان شاد بێت

ئارامی و سەربەرزی بە خەڵک و خاکی هەولێری پایتەختی کوردستان.